دێرین
ژمارە (2) چوارشەممە 2006/9/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: مەریوان سابیر

# دیسانەوە دەربارەی وشەی پێشمەرگە

**هەردە**

وشەی پێشمەرگە، یان ناوی پێشمەرگە، ئەوەی کە دەربارەی زانراوە. بۆیەکەمجار لە ئەدەبیاتی سیاسی کۆماری کوردستان بەکارهاتووە. لەناوعەوامیشدا لە هەندێک شوێن بە تایبەتی لەسەر زاری دایكو خوشکان رستەی( مەرگم پێش مەرگت کەوێ) بە کوڕو براو کەسی ئازیز دەوترێت.

وەکو چەمکێکیش: لەڕووی مێژوویەوە، دەتوانین هەموو ئەو کەلە پیاوانەی کەلەزەمانو زەمینەی جیاوازدا لەمێژووی خەباتکردن لەدژی داگیرکەرانی کوردستاندا بوترێت جا چ پێشمەرگەکانی سەردەمی شێخی گەورەو شێخ سەعیدی پیرانو سمکۆی شوکاكو قازی پێشەواو مەلا مستەفاو پێشمەرگەی حیزبو لایەنو گروپە تێکۆشەرەکانی هەرچوارپارچەکەی کوردستان بێت،ئەوانەی هێندێکیان ئێسكو پروسکیان نەماوە ئەوانەی کە ئێستاش ماونو چونەتە تەمەنو هەمیشە ڕوو لەکەمبونەوە دەکەن، بەڕی خەباتی هەموو ئەوانەیە کە ئەمرۆی لێ کەوتەوە. مەخابن ناوەناوە لێرەو لەوێ ناوی تاكو تەرایان دەبیستین کەوا کۆچی دوایی دەکەن، هەریەك لەوانە قەلایەکی تۆکمەوپتەو بووە لە خۆڕاگریو سیمبولی ئازایەتی و چاونەترسی بوون، هەندێکیان ببوون بە ئەفسانە لە دلو دەرونی جەماوەردا،لە راستیدا مانو نەمان لە دیدو ئیحساساتی پێشمەرگەیەکی دێرین یەکسانبوو. توخمێکی پاكو بێگەردبوون، دەستەیەکی پوختەو نوخبەیەکی عەیارە ئەلماس بوون، خەلکانێکی بەئەمەكو دلسۆز بوون، خاوەن پەیام بوون، هەست کردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە گەلو نیشتمانەکەیان ماندونەناسی لێ دروست کردبوون، بۆیە لەئاست مەرگو مردن بێ باك بوون. تۆسقالێك چییە لە دلەراوکێو دوودلی بوونی نەبووو زەفەری بە برواو هیمەتی ئەوان نەدەبرد. شەهید بوون لە کلتوری ئەواندا گەیشتن بوو بە لوتکەی شەرەفو شکۆمەندی.

پێشمەرگەی دێرین جوانترینو ناسکترینی قۆناغی تەمەنی کردە بە لاگیری خاكو نیشتمانەکەی کائینێك بوو لە گۆشتو خوێن دنیایەك بوو لە هەستو نەستو خەونو خەیالو ئارەزووی جوان. چەندین پرۆژەی قەشەنگو جوانیشیان هەبوو خۆیان لێ تەوەلا کردن. ئەوانە خاوەنی دایكو باوكو خوشكو براو هەندێکیشیان خاوەنی خێزانو کۆشێك زارۆکی قشتو جوانکیلە بوون. تێیاندا هەبوو تاقانەی نۆبەرەو پاشەبەری باوكو دایکی خۆیان بوون. زۆربەیان لەم دواییەدا مەبەست لە پێشمەرگەکان ئەم چەند ساڵەی شۆڕشی تازە خاوەن بەلگەنامە بوون، خەلکی ئەکادیمی و قوتابی ئامادەیی و دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان بوون، قەلەم دۆستو هونەرمەندو ئەدەب دۆستو رۆشنفیکریان تێدابوو، هەشیان بوو برێك خوێندەوار بوون، کەچی زانکۆو خوێندنگاکانیان کارو کاسبیان ژنو مندال و دەستگیرانو خۆشەویستەکانیان جێهێشتن، سەنگەرەکانی شەرەف،هەر هەموویانی وەکو هەردە پەنجەکانی هەردوو دەست لەناو یەکترا شەتاندو کردنی بە کەسو کارو برای گیانی بە گیانی یەکتر. لەهەلو مەرجێکدا ژیانی کۆلە مەرگیو نەهامەتیو ماندوو بونیان هەلبژارد، خەلکانیتر هەبوون بە پێچەوانەی پێشمەرگە دێرینەکان ئەوێ سەردەم لەلافو گەزافو تیف تیفەو خۆپۆشتەو پەرداخ کردنو بۆنو بەرام لە خۆدانو کەیفو سەفاو چرکە خۆشەکانی گەشتو گوزارو سەیرانگاو دانیشتنی سەرمێزی یانەو ئاهەنگەکاندا یان چێژی خەوی پاش نیوەرۆیانو پیاسەی دەمەو عەسرانی سەر شەقامەکانو ڕێکردنی خاوی نێو کوچەو کۆلانەکان بەمەبەستی چاوداگرتنێك لە شۆخێکی جوان، لەوهەموو شادیو خۆشیەدا خۆیان لێ بێ بەش کردوو بەدیوەکەی تری ژیان قایل بوون.

کە هەر هەمووی نارەحەتیو نەهامەتی بوو بەلام سەرفرازیو سەربەرزی لەخۆدا گرتبوو هەزاران کیلۆ مەتریان بە پێلاوی لاستیكو تفەنگو رەختو فیشەکدانو کۆلە پشتی پڕ لە شتومەکی قورسیان بە کۆلەوە بوو، تۆفەو زریانو سەرماو سۆلی زستانو ئارەقەی شینو مۆرو سوێر لە قرچەی گەرمای هاوین . داستانی نەبەردیان لێ دروست کردن. کەسانی دیکەش هەبوون لەتەمەنی ئەواندا بوون کەلەتوخمێکی نارەسەن بوون، فیراری عەسکەری بوون لەسایەی شەونوخونی پێشمەرگە دێرینەکان بوو، بەکەمالی ئیسراحەت دەخەوتنو بێترس دەژیانو گیرفانییان هەمیشە خالی نەبوو. لە عەفوات بەلاوە هیچ شتێك فەزای مێشکیانی پڕنەکردبۆوە، یەك سەردەمو یەك مەنزلگا بوو بەلام دوو دونیای جودا بوون.

پێشمەرگە دێرینەکان هەریەکەیان بەبارتەقای کێوی قەندیل سەربەرزو شکۆداربوون، هیلاكو ماندو نەناس بوون لەئاستی کێشەی رەوای گەلەکەیان پیاوی بە وەجو کوری رۆژانی تەنگانە بوون، ئێستاش هەرئەوان سەروسیماوێرانو چرچو لۆچاوی. ئاسەواری رۆژگاری پڕ لەئازارو نارەحەتی ژیانی پێشمەرگایەتیان پێوە دیارە، هەمان ئەوستافەن قەرەبووی ئیفادی ئەم سەفەرە دورودرێژەی خەباتیان نەکراوەتەوە، بەشێك لە هاوەلەکانیان نوقمی نازو نیعمەتو پایەو پلەیەکن کە بۆتە مایەی ئەسەفو خۆخواردنەوە لەو عەدالەتەی کە لێی بێ بەش کرابوون تەنیا سەرمایەی کە هەیانە ئەو یادگاریو چیرۆكو داستانو باسو خواسو یادەوەریانەی کەلەیادیاندا بە زیندویەتی ماوەتەوەو گەنجینەیەکی دەولەمەندنو شایەت حالی برگەیەکی زیندوون لە خەباتی نەتەوەیەتیمان. حەیفو مەخابن گەر تۆمار نەکرێن، مێژوویەکن بەهەدەر دەچن.



# پێشمەرگە، ئەنفال و دادگایی سەدام

**لێزمە**

نازانم هەر بەرێکەوت بوو، یابەرنامە بۆدارێژراو بوو، کە دووەمین خوولی دانیشتنەکانی(چوارەم و ...هتد) دادگایی کردنی سەدام لەسەر تاوانی ئەنفال(جینۆسایدی کوردان)، کەوتە رۆژی 11ی ئەیلول، بەهەر مەبەستێك بێ، هیچ لەو راستییە ناگۆرێ کە ئەو دادگایی کردنە بەهەموو ئەو تێبینیانەشمان لەسەری، رووداوێکی پڕ دەلالەت و مانایە، من دلنیام ئەوەندەی سیناریۆی دادگایی کردنەکەو دەم و دووی شکاتکارو تاوانباران و دەستەی داکۆکیکەری هەردوولاش، تەنهایەك ماناو ئامارەی هەیە ئەویش، ئەی زالم و دیکتاتۆرەکان، هەر چەندی جەبەرووت و درندەیی و تاوانکاریتان زۆر بێ، رۆژێك دادێ دەوران دەسورێ و دەکەونە ناو قەفەسی تاوانکاری.

من لەم نووسینەدا مەبەستم نییە بەدەستنیشانکراوی لەسەر دادگایی کردن و چۆنیەتی بەرێوەچوونی دادگایی کردنەکان بدوێم، بەلکو مەبەستی سەرەکیم لەودادگایی کردنە ئەوەیە کەمەسەلەی پەیوەندی پێشمەرگە بەئەنفالی بەدناو و ئەنفالیش بەو پرۆسەیە باسبکەم. لەوەوەش دەستپێدەکەم کە رژێمی سەدام هەموو کوردیپێ پێشمەرگە (متمرد) بوو، هەتا زۆر جار باوەری بە جاش و چلکاوخۆرە کوردەکانیش نەدەکردو جگە لە کەوا سوری بەر لەشکر بە هیچی دی متمانەی پێ نەدەکردن، سوێندی ئەوەش ناخۆم، کەسەری کوردێکیشیان بە دیاری بۆرژێم بردبایەو بیان گوتایە ئەمە سەری پێشمەرگەیە، لەمەش شکیان هەبوو. دیارە رژێمێك بەیەکچاو سەیری میللەتێك بکات و بەدوژمنی سەرسەختی خۆی بزانێت، ئەوا بێگومان پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردن لەلای ئاسایی دەبێت، مەبەستی سەرەکی من لەوەدایە پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شکاتکاری یەکەمە لە پرۆسەی ئەنفال، هەروەها مەبەستی رژێم لەو وپرۆسەیەدانەهێشتنی خودی ئەو هێزوئەو ژینگەیە بوو کەئەو هێزە لەناوی دەژیا، واتە گوندەکان و دانیشتوانەکەی، هەروەك بینیمان قوربانیەکی یەکجار زۆریش لە هێزی پێشمەرگە کەوت، چ ئەوانەی مالیان وێران بوو، چ ئەوانەی کەس و کارو خێزان و مندالیان بێ سەرو شوێن بوو، هەتا ئەوانەی بە هۆی کارەساتی ئەنفال زیانی کۆمەلایەتیان لێکەوت، وەك (بێ باوك بوون، بێوەژنی، نەدۆزینەوەی تەرم، گومان لەمان و مردن، تێکچوونی ژینگەو...هتد) ئەوانە سەرباری قوربانیەکان و زیانە راستەوخۆکان، هەموویان دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدو تەواوکەری پرۆسەی ئەنفالن، بۆیە دەبووایە هێزی پێشمەرگە چ وەك شکاتکردن یا شاهێد لەسەر ئەو پرۆسە بەدناوەلەسەدام و تاوانبارەکانی تر دەستەیەکی لە پارێزەری بەهێز دروست بکردبایەو کۆمەلێك لەو پێشمەرگانەی کە هەریەکەو بەجۆرێك و لەشوێنێك ئەنفال رەوتی ژیانی گۆڕیوون، بباتە بەردەم دادگاو داوای حوکمی یاساییان بکربایە، هەتا بەشێکیان دەیان توانی داوای قەرەبووی مادیش لەتاوانباران بکەنەوە، خۆ ئەگەر سەدامیش بەو کارە هەلنەستابایە ئەوا دەتوانرا بەیاسایی دەستووری، قەرەبووکردنەوەکە بخرێتە سەر ئەستۆی حکومەتی تازەی عیراق هەروەك دادگای تاوانەکان لەئەلمانیا دەرهەق بەجولەکەکان کردی، هەر هیچ نەبوایە دەبوا کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، وەك سەندیکایەك کە خودان کەسایەتی مەعنەویەو پشت ئەستورە بە هەزاران ئەندام کەسەرلەبەری ئەندامەکانی هەریەکەو بەشێوازێك زیانی(گیانی، مەعنەوی، کۆمەلایەتی، ئابووری) لەئەنجامی تاوانی ئەنفال لێکەوتووە، بەرەسمی بێتە شکاتکار، وەك سەرەکیترین شاهید لەسەر ئەوتاوانە، قسەی خۆی بکردایە، چونکە پیرێژنێکی گەرمیان، بالیسان، یان پیرەمێردێکی قەرەداغ و بادینان، یەك وێنەی تاوانی ئەنفالی لایە، بەلام پێشمەرگە هەیە زۆربەی کارەساتەکانی بەچاوی خۆی بینیوە، هەروەك باشتر دەتوانێت روونی بکاتەوەو ئەو تاوانبارانە ریسواتر بکات.

لەهەر کوردێك بپرسین ئەو راستیەت پێدەلێت، کە تاوانی ئەنفال نەپێویستی بە شاهیدو نە پارێزەرو نە داواکاری گشتی هەیە، چونکە ئەوەندە بەلگەی خودی ئەو رژێمە لەبەردەست دایە، کە پێویست بەکەسی تر ناکات، هەروەها هەرکەس و لایەنێك یەك تۆزقال گومانیان هەیە دەتوانن سەردانێکی بچوکی ئەو ناوچە ئەنفال کراوانە بکەن و بەچاوی خۆیان ئەو پاشماوەیە ببینن کە لە دوای 18 سال لەو پرۆسە بەدناوە بەسەر خاك و گوند و شارو شارۆچکەکانیدا هاتووە.

ئاراستەی دادگاو چۆنێتی بەرێوەچوونی دادگایکردنەکە بەهەر جۆرێك بێت،هێندە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی کورد لەسەر مەسەلەی جینۆسایدکردن چووە مێژووەوە، هەرتەنها تۆمارکردنی دانیشتن و قسەکانی دادگا بەسە بۆ ئەوەی مەلەفی ئەنفال بچێتە ناو مێژووی تاوانە جیهانیەکان و لەپاش جوولەکە، کورد ببێتە دووەمین نەتەوەی سەر رووی زەوی کە بەدەستی خودی رژێمەکەی جینۆسایدو کۆمەل کوژ بکرێت. بەلام پێویستە هەموو لایەنەکانی ئەو تاوانە باش دەربخەین و هیچ بەشێکی بەبی باسکردن نەهێلینەوە، تاوان هەرتاوانە چ جای دەرهەق بەگەلێکی گەورە کرابێت و قوربانیەکەش نزیکەی (200) هەزار کوژراوو زیاتر لە (1) ملیۆن زیان لێکەوتبێت.



# کەرکوك لە نێوان هەرەشەی تیرۆرستان و خۆراگری هاوولاتیان

**پۆلا حەساری**

کەرکوك ئەو شارە دێرینە کوردییەیە کەزۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە، جیاوازی کەرکوك لەگەل هەرشارێکی تری عێراق ئەویش ئەوەیە:—

هەرشارێك لە عێراق چ لەباکوربێت یان لەباشوردا دانیشتوانەکەی یان کوردن یان عەرەبن رێژەیەکی زۆر کەمینەی لەنەتەوەو ئاین و ئاینزاکانی تری تێدایە. بەلام کەرکوك لەگەل ئەوەی شارێکی کوردستانییە و بەلام لەگەل ئەوەش پێکهاتەیەکی نەتەوەییی جوانی لەگەل گرتووە، ئەویش ئەو تێکەلییە کە بریتیە لە نەتەوەکان یاخود(خلیط) ئەویش پێکدێت لە کورد عەرەب و ئاشوری و تورکمان و صابئە و یەزیدیە و هتد.. دیارە ئەم دیانەتە جۆراوجۆرو فرەنەتەوەییە وەك پەلکەزێرینەیەك وایە سەرتاپا خاکی کەرکوکی تەنیوە، چونکە ئەو هەموو نەتەوانەی وەك باسمانکرد، هەموو پێکەوە دەست لەنێو دەست وەکو برا پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن ئیدی ئەم شارەش شایستەی ئەوەیە شانازی پێوە بکەین، هەروەها زۆریش لە رژێمە ملهورە دیکتاتۆرەکانیش هەولی زۆریان داوە بۆ تێکدانی ئەو برایەتییە پتەوە، بەنانەوەی تۆوی دووبەرەکی و ئازاردانی میللەتی کورد بەهۆی راگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و ئەشکەنجە و هتد..

ئەمانە هەمووی لەپێناو مەرامی ژەنگاوی گلاویان بوو، تاکو کەرکوك لەژێر رکێفی خۆیاندا بێت و کولتورو ناسنامەی کورد لەم شارەدا بسرنەوە تا بەئەمرۆش ئەگات لە سەنگەری دژایەتین بۆ سرینەوەی دۆزی کورد، بەلام دانیشتوانی ئەم شارە دێرینە، بۆیە شەهید بوون و گرتن و ئەشکەنجەدانیان پەسەند کرد چونکە دەستبەرداری شەرەف و خاك و زمانی کوردی نەدەبوون، ئازایەتی و خاوێنی مێژوویی کوردیش هەموو جیهان گەواهی بۆ ئەوە دەدەن، گەورەترین بەلگەش کە سەرمان پێی بلندە هەردەم ئەویش ئەوانەی لە پێناوی کەرکوك و شارەکانی تری کوردستان چوونە نێو ریزەکانی کاروانی شەهیدانەوە.

ئەمرۆش دوای ئەم ئازادییەی کە کوردستانی گرتۆتەوە بەتایبەت شاری کەرکوك هێزی تاریکپەرستی تیرۆرستان بە پالپشتی ولاتانی دەوروبەر هەولی بێ ئەندازەیان وەگەرخستووە بۆ ترساندنی خەلکی ئەم شارە، بەتەقینەوەو کوشتن و رفاندن و.. هتد، ئەویش لەداخی قینی رەشیانە دەبینن کەرکوك شارێکی کوردستانییەو دەبێت بگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی(140) جێبەجێ دەکرێت ئیدی ئەوان لەبری ئەوەی کەرکوکیان لەدەست چووە رۆژانە دەبینین چەندین تەقینەوە لەشوێنە گشتییەکان و دام ودەزگاکان دەکەن بۆ لەباربردنی خەباتی سالەهای پێشمەرگە و ئەم ئازادییەی ئەمرۆ هەموو نەتەوەکانی شاری کەرکوك پێی ئاسوودەن، ئێستاش هەموو کات خەلکی کەرکوك ئامادەیە هەماهەنگی جدی و کاری دەستەجەمعی لەگەل پۆلیس و ئاسایش بکات و بۆ بەرەنگاربونەوەو راوەدوونانی تیرۆرستان لەشاری کەرکوك.